سەماحەتی سەید حەکیم چاوی بە موحسن مەندەلاوی دەکەوێت و گرنگی زاڵکردنی بەرژەوەندی گشتی و گێڕینی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن بە کاری واقعی دووپات دەکاتەوە

بەڕێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەولەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی پێشوازی لە بەڕێز موحسن مەندەلاوی سەرۆکی هاوپەیمانەتی ئەساس کرد و لەم دیدارە بیروڕا لەسەر پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا وباس لە شایستەکانی هەلبژاردنەکان و دیاریکردنی سەرۆککۆمار و پێکهێنانی حکومەت کرا.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە ئەو قەیرانەی ئێستا تیپەڕ بکرێت بە زاڵکردنی بەرژەوەندی گشتی بەسەر تایبەتی و جەختیشی کردەوە کە پێویستە بەڵێنەکانی هەڵبژاردن بە بەرنامەی واقیعیانە بگۆڕدرێت بە ئەوەی گۆرانکاری لەسروشتی دۆخی عێراق دروست بکەین، بە پیل داواکاری هاولاتیان بچین.

هەروەها ئاماژەی کرد، کە عێراق ئێستا ڕووبەڕووی رکابەری ئابووری دەبێتەوە کە پەیوەندی بە هەڵبەز و دابەزی نرخەکانی نەوت هەیە و چارەسەریش ئەوەیە کە کەرتەکانی بەرهەم هێنان بە جووڵە بخەینەوە رۆڵی کەرتی تایبەت ئەکتیف بکەین بەوەی کە فرەیی لە سەرچاوەکانی داهاتی نیشتمانی بکەین.